حکومەتی هەرێم ڤیزای گەڕانەوە دەداتە هەر هاوڵاتییەک لە تورکیا گیری خواردبێت

ئەمڕۆ شەممە، حکومەتی هەرێم ڕایگەیاند، هەر هاوڵاتییەک لە تورکیا گیری خواردبێت، ڤیزای ترانزێتی پێدەدرێت بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێگەی وشکانی و لە قوناغی یەکەمی ئەو پرۆسەیە توانرا ڤیزای ترانزێت بۆ نزیکەی 300 هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دابینبکرێت .

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، لە ڕوانگەی پەرۆشیمان بۆ گەڕاندنەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ گیریان خواردوە، دوای هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم کە لەگەڵ لایەنە فەرمی و پەیوەندیدارەکانی وڵاتی تورکیا لە پەیوەندی بەردەوام بوین بۆ ئەوەی بە ڕێگای وشکایی ئاسانکاری بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکرێ بۆ تایبەت ئەوانەی ڤیزایان نییە.

ئاماژەی بەوەشکرد، لە قوناغی یەکەمی ئەو پرۆسەیە توانرا ڤیزای ترانزێت بۆ نزیکەی 300 هاوڵاتی هەرێمی کوردستان دابینبکرێت و ئەمڕۆ 50 کەس بە هەماهەنگی و هاوکاری سەرپەرشتیار و بەڕێپرسانی دەروازەی سنوری ئیبراهیم خەلیل- خابور دەربازی هەرێمی کوردستان بون و تا شاری هەولێر پاسیان

دابینکرابو.

بەگوێرەی ڕاگەیاندوەکە، لە پێگەی کونسوڵگەری گشتی تورکیا لە شاری هەولێر ئاگادارکرانەوە کە هەموو هاوڵاتییەکی هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی لە هەر وڵاتێک بێت و بیەوێت بگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان، بۆ گەیشتنیان بە وڵاتی تورکیا ڤیزای ترانزێتی پێنج ڕۆژەیان پێدەدرێت.